


# وتەیەکی پێویست

بەدران ئەحمەد حەبیب

جاران بزووتنەوەی ڕۆشنبیری وهونەر لەشارو ناوەندیل گەورەدا گیری خواردبوو، تا لەم ناوەندەوە دوور دەکەوتیتەوە و بەرەو گوندو شارۆکە لاچەپ و دوورە دەستەکان دەڕۆیشتی، ئیدی وردەوردە بزووتنەوە ڕۆشنبیری و هونەرییەکە لە کزیی دەدا. بۆیە گەنجەیل ئەو ناوچانە بەختیان لەبەشداربوون لەو بزاڤە ڕۆشنبیری و هونەرییە کەم دەبوو، وێڕای ئەمەش خەڵکی ئەو دەڤەرە لاچەپانە کەمتر دەکەوتنە بەر سوودی ڕاگەیاندن و کارە هونەری و ڕۆشنبیرییەکان.




تەقینەوەی شۆڕشی تەکنیکی لەم چاخە تازەیەدا، ئەو دۆخەی پێشووی گۆڕی. ئەم شۆڕشە بوو بەسۆنگەی پێشکەوتن وپەرەسەندنی هۆیەلی گەیاندن. فرەوانبوونی تۆڕی ڕێگەوبانی ئاسایی و پێشکەوتنی هۆیەلی گواستنەوەو گەیاندنی لە جۆری ئاسمانی و زەوینی و ژێرزەوینی، هۆگەلی گواستنەوەی دەنگ و ڕەنگ (ڕادیۆ. تی ڤی. ئینتەرنێت)، جگە لەمانەش پێشکەوتن و ئاسانبوونی کاری چاپ، هەموو ئەمانە بەسەر یەکەوە بارودۆخێکیان هێناوەتە پێشەوە، کەوا ئیتر ئەمڕۆ ناوەندە لۆکاڵ و هەرێمییەکان نەك هەر جموجۆڵێکی گەورەی هونەری و ڕۆشنبیریی و ڕاگەیاندنییان تێکەوتووە، بگرە لە ئاست ناوەندە کۆنەکاندا، شان لە شانیشیان دەدەن و پێشبڕکەیان دەکەن.

تاقیکردنەوەی دەزگای زاری کرمانجی لە کوردستان، تاقیکردنەوەیەکی پێشڕەوە لەم بوارەدا. لەماوەی کەمتر لە شەش مانگ، زاری کرمانجی بە هەفتەنامە و ڕادیۆ و گرووپی مۆزیك و بەشەکانی تریەوە، جێ پەنجەو شوێنەوارێکی نەسڕاوەی خستووەتە سەرپانتاییی هزرو ڕامانی خەڵکی دەڤەری سۆران.

کەم هاوولاتی هەیە لەم دەڤەرە، بەدامەزاندنی ئەم دەزگایە نەگەشابێتەوە. دەبێ لێرەدا دەسخۆشییەکی گەرم لەو بەڕێزانەی کە سەرجەم بەشەکانی زاری کرمانجی هەڵدەسووڕێنن، بکرێت. زۆر تاقیکردنەوەی ڕۆشنبیری هونەری لە کوردستان نووچ دەدەن و، تەنیا کۆمەڵێك گازن و پەشیمانی و کێشە لە دوای خۆیانەوە بەجێ دێڵن. بەدڵنیایی دەزگای زاری کرمانجی یەکێك نابێ لەمانە. بە پێچەوانەوە زاری کرمانجی دەبێ ڕچەشکێن بێ بۆ دەست پێ کردنی زۆر پرۆژەی تر.

کۆوار، کەلێنێکی تر لە بزاڤی ڕۆشنبیری لەدەڤەری سۆران و ڕەواندز و بارزان و مێرگەسۆر و چۆمان و خەلیفان و...هتد پردەکاتەوە و دەبێ بەموگناتیس بۆ بەکێش کردنی گەنجە بزێوەکان. حەز دەکەین لەم دەرفەتەدا جارێکی تریش ئەوە دووبارە بکەینەوە کەوا ئەم پرۆژەیە سنوورێکی دیاریکراوی نییە، تا دێ زیاتر تەشەنە دەکات و بە بەرەوە دەچێ، تادەگاتە ئەوەی سەرجەم توان ولێهاتوویی ئەم دەڤەر و ڕووبەرە لە خۆبگرێ و سۆرانیش ببێ بە ناوەندێکی گرنگی ڕۆشنبیری و هونەری و ڕاگەیاندن لە داهاتووەکی نزیك لە کوردستاندا و هیچی کەمتر نابێت لەناوەندە گەورەکان .